## پرسیار کرا لە

## شێخ ( محمد بن صالح العثيمين )

## ڕەحمەتی خوای لێ بێت

## دەربارەی

# پیرۆزبایی کردن لە کافران بەبۆنەی چەژنەکانیانەوە

**وەرگێڕانی**

م. صلاح الدين عبدالكريم

**چاپی ( دووەم )**

**لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئاشتی کەرکوك**

www.ashtyk.com

**ژمارە( ٩ )**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**حوکمی پیرۆزبایی کردن چییە لە کافران بە بۆنەی چەژنی کریسمس وچەژنی سەری ساڵی زایینی، چونکە ئەوان لەگەڵماندا کار دەکەن؟ وەئەگەر ئەوان پیرۆزبایی- یان لێ کردین بەبۆنەی چەژنەکانیانەوە چۆن وەڵامیان بدەینەوە؟**

**وە ئایا دروستە بڕۆین بۆ ئەو شوێنانەی کە ئاهەنگی لێ دەگێڕن بەم بۆنانەوە؟**

**وە ئایا مرۆڤ تاوان بار دەبێت ئەگەر شتێك لەوانەی پێشو کەباسکرا ئەنجام بدات بەبێ مەبەست؟ بەڵکو وەکو لە ڕوودا دامان یاخود لەشەرما، یاخود لە شەرمەزاریدا یاخود جگە لەم هۆیانە؟**

**وە ئایا خۆ چواندن بەوان دروستە لەو بۆنانەدا؟**

**وەڵام:** پیرۆزبایی کردن لە کافران بەبۆنەی چەژنی کریسمس وجگە لەمە لە چەژنە ئایینیەکانی تریان حەرامە بەیەکدەنگی زانایان، هەروەکو چۆن إبن القيم لەپەرتوکەکەیدا( أحكام أهل الذمة) باسی دەکات ودەفەرمێت: (پیرۆزبایی کردن بە دروشمەکانی تایبەت بە کوفر حەرامە بەیەکدەنگی زانایان، وەکو ئەوەی پیرۆزبایی یان لێ بکرێت بەبۆنەی چەژن و ڕۆژووگرتنەکانیان وبوترێت: چەژنت پیرۆز بێت وهاوشێوەی ئەمانە، ئەمە ئەگەر بێژەرەکەی سەلامەت بێت لە کوفر، ئەوا لە قەدەغەکراو



وحەرامەکانە، وە وەکو ئەوە وایە کە پیرۆزبایی یان لێ بکرێت بە کڕنوش بردنیان بۆ خاچەکەیان، بەڵکو ئەمە لای خوای گەورە تاوانی گەورەترو تورەبوونی سەخت ترە لە پیرۆزبایی کردن لە مەی خواردنەوە و کوشتن وزینا کردن وهاوشێوەی ئەم تاوانانە، وەزۆرێك لەوانەی کە ڕێزی دینیان لەلا نییە دەکەونە ناو ئەم تاوانانەوەو ناشیرینی کارەکەیشی نازانێت کە پیرۆزبایی لەکەسێك کردووە بە تاوان کردن یاخود بیدعە کردن یاخود کوفر کردن، وە توشی تورەبوون وغەزەبی خوای گەورە بووە) قسەکەی تەواو بوو( ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

وەبۆیە پیرۆزبایی کردنی لە کافران حەرامە بەم چەشنەی کە إبن القيم باسی دەکات، چونکە دان نانی تێدایە بۆ ئەو دروشمە کوفریانەی کە ئەوانی لەسەرن، وە ڕازی بوونە بۆیان بۆ ئەو شتەی کەلەسەرین، هەرچەندە بۆ خۆی ڕازی نابێت بەو کوفرە بەڵام حەرامە بۆ موسڵمان کە ڕازی بێت بە دروشمەکانی کوفر، یاخود پیرۆزبایی پێ بکات لە خەڵکانی تر، چونکە خوای گەورە بەم شتە ڕازی نابێت، هەروەکو دەفەرمێت: ﴿إِنْ تَكْفُرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنْكُمْ وَلَا يَرْضَى لِعِبَادِهِ الْكُفْرَ وَإِنْ تَشْكُرُوا يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ [الزمر: ٧].